# گەشتێك لە داهاتوو



نزار خەیلانی

لەژماره (٤)ی گۆڤاری کوێستان لە تەممووزی (٢٠٠٧) کاك ئیسماعیل تاقانە چاوپێکەوتنێکی سەبارەت بەرەوشی گەشتوگوزار لەدەڤەری (سۆران) لەگەڵ سازکردبووم. بەسوپاسێکی زۆرەوە گوتنو قسەو بۆچوونەکانمی زۆر بەئەمانەتەوە بڵاوکردبۆوە. دیارە لەدیمانەکەدا پەنجەم بۆ هەندێ لایەن درێژکردبوو کەفاکتەری بەهێزن بۆ پشت پێبەستنو بایەخدان بە(رواندز)و ناوچەی (سۆران) تابیبێتە بنکەیەکی فراوانی خاوەن سەنتەرێکی کارای گەشتوگوزار، نەك تەنیا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی عێراقو بگرە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیش.

لێرەدا سەرنجەکانی دیمانەکەم دووبارە ناکەمەوە، بەڵکو باس لەچەند هۆکارێکیتر دەکەم گەربێتو بەهەند وەربگیرێن ئەوا ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە بەرەوپێشبردنی ناوچەکە، لەهەموو بوارەکانی ژیانداو بەتایبەتیش بواری گەشتوگوزار، لەوانەش:-

- فرۆکەخانەی هەریر: هەرچەندە ئەم فرۆکەخانەیە بۆ مەبەستی سەربازیو تێکدانو وێرانکردنی کوردستان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری بەناوی فرۆکەخانەی کشتوکاڵی دروستکرابوو ، بەڵام دوای ئازادکردنی عێراقو ئەو









سەربەخۆییەی کوردستان هەیەتی دەکرێت ئەم فرۆکەخانەیە بکرێت بەفرۆکەخانەیەکی مۆدێرنی گەشتکاری، لەپاڵ هەردوو فرۆکەخانەی تری هەولێرو سلێمانی، گەر بێتو زانیستانەو شارەزایانە پەرەپێبدرێتو بەگەشتی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانە بەوڵاتانی ترەوەو بەتایبەتیش وڵاتانی کەنداوی عەرەبی ببەسترێتەوە، چونکە کوردستان خاوەنی زۆر هۆکاری ڕاکێشانی خەڵکی ئەو وڵاتانەی تێدایە، وەکو نزیکیو جیاوازی ئاووهەواو سروشتی شاخاویو هەبوونی ئارامیو ئاسایشو...هتد.

• جوگرافیای ڕواندز: کە کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی گەمارۆ دراو بەچیای بەرز، کەبەرزترین لوتکەی شاخەکانی عیراقی تێداهەڵکەوتووەو ئەویش لوتکەی حەسارۆستە کەبەرزییەکەی زیاترە لە(٣٥٠٠)م لەئاستی دەریایە، جگە لەوەی کە کەوتۆتە سەرسنورەکانی بادینانو خۆشناوەتیو پشدەرو ناوچەی موکریانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، کەچەندین زاراوەی پەیڤینو شێوەی جلوبەرگو چۆنیەتی گێڕانی ئاهەنگو فرەییی لەخوو دابو نەریتە فۆلکۆریەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکەنو ناوچەکە جوانترو ڕازاوەو سەرنجراکێشتر دەکەن.

• ئەشکەوتی شانەدەر: کەوتۆتە نزیك گوندی هاودیانو شوێنی دۆزینەوەی پاشماوەکانی مرۆڤی (نیاندرتاڵ)ەو بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ژیان دەگەڕێتەوە، گەربێتو گەشتکارانەو زانستیانە پەرەپێبدرێتو لایەنە مێژوویيو شوێنەوارییەکەی فەرامۆش نەکرێتو بەشێوەیەکی هونەری ئیشی لەسەربکرێت کەنەبێتە هۆی گۆڕانی سیما دێرینەکەی ئەوا دەبێتە قیبلەی گەشتکارانو گەشتیار لەهەموو وڵاتانی جیهانەوە ڕووی تێدەکەنو زیاتر لەرابردووو مێژوویی وڵاتەکەمانو بەتایبەتیش دەڤەری سۆران شارەزادەبن. گەربێتو بەپۆستەرو پۆستکارتو پەراوکەو (C.D) نمایشی چەند لایەنێکی رابردووی بکرێتو باری هەنووکەییشی لەبەرچاو بگیرێو لەشێواندنو دەستکاریکردنی هەرەمەکی بپارێزرێت.

• خەرەندو گەلی ڕواندزو دۆڵەکانیتر: خەرەند سیمبولی شاری ڕواندزەو لەپاڵێشیدا دەیانو بگرە سەدان گەلیو دۆڵ ناوچەکەی پڕکردووە، لەوانەش گەلی عەلی بەگو گەلی ڕواندزو گەلی بێخاڵو گەلی مێگرو گەلی فەقیانو چەندین دۆڵی سەرنجراکێش وەکو دۆڵی باڵەکایەتیو خانەقاو بالیسانو.. هتد کەپڕن لەتاڤگەو سەرچاوەی ئاوی جوان کەلەگەڵ تولەڕێیە شاخاویەکانەوە سروشتەکەی دەرازێننەوەو گونجاون بۆ دروستکردنی دەیان پرۆژەو شوێنی گەشتکردنو کات بەسەربردن، سەرەڕای روبارو جۆگاو باخەکانی پڕمیوەی وەکو هەنارو هەنجیرو سێوو گوێزو قەیسیو ڕەزە جوانەکانی ترێی دۆڵی ئاکۆیانو روستو سیدەکانو هەودیانو مێرگەسوور، بانەزۆكو کانیەقور، فەقیانو بنمێرد. لەبەر سەختیو چڕی زۆری ئەم کێوو دۆڵو گەلیو شاخانەش کەپڕن لەئەشکەوتی قەشەنگو جوان دەکرێت وەرزشی شاخەوانی تێدا ئەنجامبدرێت، گەربێتو لەڕووی جیۆلۆجیەوە پشکنینی لەسەربکرێتو شوێنەکانی ئەمجۆرە وەرزشانەی تێدا نیشانبکرێ بەگوێرەی پێوەرەکانی زانستی سەردەمو کەرستەو پێداویستیەکانی ئەم وەرزشە دابینبکرێن لەگەڵ شوێنی حەوانەوەو پشوودانی گەشتیاران لەکەمپو ڕێستۆرانتو کافیتریاو ....هتد. ئەوا ئەم شوێنانە دەبنە بنکەی گەشتکاری کەم وێنەو نموونەییو دەبنە هۆکاری پێشکەوتنی ناوچەکە لەهەموو بوارەکانی بژێویدا.

• ڕاوکردن: ئەم دەڤەرە جۆرەها ئاژەڵی کێوی تێدا دەژییێت وەکو مامزو بزنی کێوییو بەرازو هەرس(ورچ)و کەرێشكو ڕێویو...هتد. لەباڵندەش کەوو سوێسکەو کۆترۆ پۆرو دەیان جۆری تری باڵندە، سەرەڕای گیانلەبەرەکانی تری ناو روبارو زۆنگاوەکان وەکو ماسی بەجۆرە جیاکانیەوە، ڕاوکردنیش ئەمرۆ وەرزشێکە لەوەرزشەکانی سەردەمو گەشتیار بەمەبەستیەوە ڕوو لەشوێنەکانی دەکات بۆ کات بەسەربردنو خۆشگوزارانی بەمەرجێ ڕەچاوی چۆنیەتی ڕاوکردنەکە بکرێت لەکاتەکانیدا کەکاتی زاوزێی ئاژەڵو باڵندەکان نەبێتو کەرستەکانی ڕاوکردن کۆکوژ نەبن بۆ ئەوەی ئەم سامانە









لەناونەچێت و گیانلەبەرەکان قەڵاچۆ نەکرێن و ژینگە بپارێزرێ.

• ئاین: راستە زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی سۆران موسڵمانن، بەڵام کاریگەری ئایینەکانی تریشی بەسەرەوە هەیە وەکو ئاینی زەردەشتی و هەندێ لەخوو نەریتی پێش موسڵمان بوونیش تێکەڵ بەئاینەکە بوون لەپاڵ هەبوونی ئاینەکانی تری ئاسمانی کە وەکو کەمینە ماون لەوانەش دیان و هەندێ لەشوێنەوارەکانی جولەکەو تەریقەتە جیاوازەکانی موسڵمانێتی وەکو تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی و هەبوونی مزگەوت و تەکیەو مەزارو مەرقەدی شێخ و کلێساو دێرەکان گەربێت و نۆژەن بکرێنەوەو لەرووی گەشتیاریەکەیەوە بایەخیان پێبدرێت ئەوا بۆنی عەترو بوخارو رۆناکی مۆم تێکەڵ بەیەکتر دەبنەوەو ناوچەکە بەخواپەرستی و تەبایی و یەکسانی و رێز لەیەکتری گرتن بۆندارو رەوشەن دەکەن و لەرۆژگاری ئەمرۆدا جۆرە گەشتکاریەك هەیە کەتایبەتە بەئاین و خواپەرستان روو لەمەزارو مەرقەدو مزگەوت و ... شوێنەکانی تری ئاینی دەکەن ئەم جۆرە گەشتکاریەش بە گەشتکاری ئایینی دەناسرێت و داهاتێکی چاکیش بەسەر ناوچەکەدا هەڵدەرێژێت و دەبێتە بوژاندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

• سەرچاوە سروشتیەکانی ئاو: لەم دەڤەرەدا دەیان و بگرە سەدان سەرچاوەو کانیاوی سروشتی هەن تا دەڵێن لەگوندی (ئەرگۆش) بەقەد ژمارەی رۆژەکانی ساڵ کانیاو و سەرچاوە هەن یان دەوترێت هەرماڵێك کانیاوێکی تایبەتی لەناو ماڵی خۆیدا هەیە، جگە لەکانیاو سەرچاوەکانی تری قەندیل و حەسارۆست و وەرتێ و کۆسرەتان و حاجی ئۆمەران و دەربەندو کوێستانەکانی و گەڵاڵەو روست و گرتك و وەرتێ و دۆڵی خانەقاو بێخاڵ و جوندیان و دۆڵی فەقیان و کانی ماران و ... هتد. سەرچاوەکانیش جۆرەهان لەوانە هەندێکیان وەرزین و تەنیا لەبەهاراندا هەڵدەقوڵێن و هەندێکێشیان بۆ چارەسەری پێست و نەخۆشی گورچیلە بەکار دەهێنرێن وەکو ئاوی حاجی ئۆمەران و خاڵەرەشی ناوگەڵی رواندز ئەوانەی تریش چوار وەرزەن و هەندێکیشیان ناوەناوە وشکدەبن و دوایی دەتەقێنەوەو دەردەبنەوە، بۆیەش پێیان دەوترێت سەرچاوەی جادوکەر وەکو سەرچاوەکەی ئاوی جوندیان کەهەندێ جار لەیەك رۆژدا چەندین جار وشك دەبێ و دەردەبێتەوە، بۆیە دەکرێت ئەم کانیاو سەرچاوانە بکرێن بەکانزایەك لەبواری گەشەپێدانی گەشتوگوزاردا گەربێت و بەشێوەی زانستی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و پەرەیان پێ بدرێت.

• بەروبومی خۆرسك: لەم ناوچەیەدا چەندین بەربوومی سروشتی خۆرسك هەن وەکو باوی و چەقێلەو رێواس و گوزەرەو ترشۆکەو کەنگرو کاردی و تۆڵکە... هتد. کەهەم دەکرێ لەبواری تەندروستی و هەم لەبواری گەشەپێدانی کشتوکاڵیەوە وەبەرهەمبهێنرێن لەپاڵ گوڵوگوڵزارەکانی کوێستانی سەرگردو دۆڵەکانی ناوچەکە وەکو نێرگز و سمبل و شلێرو رەیحانەو پونگ کەسەرەرای رازاندنەوەی سروشت بۆن و بەرامێکی خۆشیش بڵاودەکەنەوەو سێ لایەنە دەکرێ سوودیان لێوەربگیرێت لەبوارەکانی گەشتوگوزارو کشتوکاڵ و تەندروستی و پێویستە پسپۆرانە دیراسەتیان لەسەربکرێت و بخرێتە خزمەتی کۆمەڵگا.

• پیشە دەستکردەکان: وەکو چنین و دروستکردنی کڵاوو گۆرەوی و کڵاش و کەپەنەك و چنینی کرو درووونی رانك و چۆخەڵ و جەمەدانی و پۆشاك و دروستکردنی تریان و زەمبیل و گۆچان و...هتد. کەتایبەتمەندییێکی دیاریان پێوە دیارەو لەگەڵ شێوەکاری ناوچەکە بەیەکەوە لکێنران و لایەنە گەشتکاریەکەی دەڤەرەکە دەوڵەمەندتر دەکەن و دەبنە دیاری ناو دەستی گەشتیاران و دەگەیەنێرێنە زۆر شوێنی جیهان.

• بەروبومەکانیتر: وەکو هەنگوین و مرەبا و ژاژی و پەنیرو قەزوان و فستەق و سرکەو نانەقەیسی و حەلوکەو..هتد. گەر زانستیانە بەرهەمبهێنرێن ئەوا کەلێنێکی تری بواری گەشتوگوزار پردەکەنەوەو ئەم بەوربووماەنەمان بەدەرەوە دەناسرێن و کاریگەریشی دەبێت لەسەر باری بژێوی ژیانی کۆمەڵگا.

• خشان بەسەر بەفردا: سەرەرای ئەم خاڵانەی باسمکردن زۆرشوێنی ناوچەکە گونجاون بۆ وەرزشی خشان بەسەر بەفردا گەربێت و مەسحێکی جیۆلۆجی ناوچەکە بکرێت و شوێنە رەق و رکو لەرمان نەهاتووەکانی دیاربکرێن و شوێنی خشانی بەسەر بەفری تێدا دروستبکرێت لەگەڵ پێداویست و کەرستەو کەلوپەلەکانی و شوێنی حەوانەوەی وەرزشکارانی.

• تلفریك و ئەسانسۆر (مصعد) لەم ناوچەیەدا دەکرێت چەندین لوتکەی شاخ بە تلفریك بەیەك ببەسترێنەوە بەمەش قۆناغێکی تری پێشکەوتنی گەشتوگوزار لەناوچەکەدا دەست پێدەکات و ناوچەکە زۆرجوانتر دەکات و گەشتیارانیش تاموچێژی پتر لەگەشتەکەیان وەردەگرن و ئاستی گەشتکاری ناوچەکە زۆر پەرەدەسێنێ.

• پرۆژەی قەندیل: پرۆژەیەکی گەورەی ئاو پەنگانەوەیە و من لەرووە ئەندازیارییەکەی شارەزانیم و هیچ سەرچاوەیەکیشم سەیر نەکردووە تابزانم بەزرایی و قوڵی و بەرینی و پانتایی دیاربکەم و بزانم چەند مەتری سێگۆشەیی ئاو دەپەنگێنێتەوەو ئەم لایەنانەی بۆ شارەزاو پسپۆرەکانی بواری بەنداو و ئەندزیارانی وزەو شارەزاکانیتر جێدەهێڵم، بەڵام ئەگەر ئەم بەنداوە کۆتایی پێبێت، ئەوا سەرەرای جوانکردنی ناوچەکە بەشێکی زۆری خاکەکەشی بەرئاو دەبێت، جگە لەبەرهەمهێنانی وزەی کارەباش، ئەوا کەشوهەوایەکی سازگاری گەشتکاری دروستدەکات سەرەرای پەیدابوونی گەشتکاری لەناو ئاودا بەبەلەم و کەشتی و ئامێرکانی تری پێشبرکێی وەرزشەکانی سەردەریاو دروستکردنی رێستۆرانت و کافیتریاو شوێنەکانیتری حەسانەوەی گەشتیاران لەسەر پشتی کەشتییەکانی ناو دەریاو رێکخستنی گەشتی رێکوپێکی ئاو لەوەرزو ساتەجیاکاندا کەئەمەش لەرووی شارستانی و ئابووریەوە بەرەو پێشمان دەبات.